# له ساڵ رۆژی شەهید بوونی مامۆستا کۆچەری باوکم .....

رزگار کۆچەر

ئەم شەو تارمایت

بە تەنیشت قەڵات رەت بوو

روخسارت لە ئازدی و بیرو خەیاڵت لە فیشەکەکەی گیرفانت

کە رەت بوویت ..

بانگی من و داپیرە و دکتۆرت نەکرد

گوێت لە نوکتەیەکی خارە خولە رانەگرت ..

زۆر ماندوو شەکەت بوویت..

هەناسەکانت بۆنی ماچی خاکی لێ دەهات .

دەستەکانت خوێنی پەرتوکە دراوەکەی هاورێکەتی لێ دەتکا

تارمایت ئەم شەو نغرۆی گەرەکی کۆماری ببوو...

لە جیات مەلاکە بانگت دەداو

وەك ئەم شەوە هەموو گەرەك گویان لە بەرخودانت راگرتبوو

تۆ هاورت دەکردوو دەتگوت گەر ئێوە پیاون وەرن تەسلیمی من بن

بەعسیەکانیش لە ژێر دیوارەکە

بە قاچ لەرزینەوە خائینانیش ببون بە چەتر بۆیان

من گوێم لیبوو

رەنوش گوی لێبوو

راز دەی گوت ئەوە باپیرەیە هاوار دەکات

رێگاش دەی گوت نا ئەوە بابە کۆچەرە تازە هاتۆتەوە شار

دیسان تارمایت لە شار تێپەری

لە قەیسری لە کوران لە زانیاری لای مەلعەب ...

لە خانوەکەی داپیرە حاجی

دەزانم .دەزانم

بۆ نەهێنیەکان هاتبووی ..

بیرم چوو ئەم بەیانیە تارمایت لە گوند بوو

تۆ لە وەرزە خەم گرتوەکانی شار هاتیت

چیت داوەتە ئەم هەموو سەردانە

ئەوە چ سودفیەکە

بۆ سەرێك لە ماڵی مام تەها نادیت و بەجلە کرێکاریەکەت

سەر لە موختار ناشێوێنی تا وەك جاران مەفرەزە خاسەکە بینێتەوە گەرەك !!

وابزانم تارمایت

لە مێوانی حوزن و ژورە قورەکانی کەلاوە کاولەکانی ئەودیوو سنورەوە هاتووە ؟؟؟

یان لە تاریکی نێو گیرفانی فیشکەکە تەنهاییەکەت ؟؟؟

ئەم جارەش تارمایت بە جلێکی پۆلیسی خۆی لە شار کردوو

هاواری کرد ..

وەرن ئەوا منم وەرن من پێشمەرگەم وەرن مەترسن

من بە روناکی رۆژ هاتومەتەوە

من بۆخەندەی کورە کرێکارەکەی سایلۆ هاتوومەتوە

وەرن من کۆچەرم

دوێنێ لە شاخ ئێمرۆ لە شارم

باورکەن بە پێیەکانم هاتومەتەوە !!

وەرن تەنها دەمانجەیەك و خەونی کورە هەژارێکم لایە

وەرن من پێشمەرگەم ..

پێشمەرگەی پێش راپەرین و داوین پاك و خاوەن ناسنامەم

نە شەری برا کوژیم کردووە

نە بەژداری داستانی گەندەڵچیاتی کردووە

نە سەنگەرەکم گواستۆتەوە ..

وەرن من کۆچەرم کە لە شارا بووم بە جلی کرێکارك خەباتم دەکرد

ئێستاش پاش بیست و دووساڵ تارمایم لە گشت شار دەبیین

من کۆچەرم

ئەوەیی لە هەموو کونجی شار داستانم دەبیستێترێتەوە ....

پێشکەشە بە گیانی بەرزە فری شەهیدی هەردەم زیندوو مامۆستا کۆچەری باوکم کە

**بەدەست و پلانی خائینێك لە نێو شاری هەولێر لە سالی 1985 چاوار دەور گیرا و ئـەویش تـا دوا فیشەك شەری كردوو ولە دوایش خۆی تەسلیمی  تاكە فیشكەكەی هـاوریێی كـرد , زۆر بـە داخەوە ئێستا ئەم خائینەی پلانـی شـەهید كردنـی بـاوكمی دارشـت  بـە تزكییـەی یـەكێك لـە حزبە دەسڵات دارەكانی كوردستان وەتەنیاتمان لەسەر دەفرۆشێت ....**